# دەبێ ژنان ئیرادەی ئەوەیان هەبێ لەبەرانبەر کێشەکان رابوەستن

لە کۆمەڵگەی ئێمە کە ئاستی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی و میکانیزمی چۆنیەتی هەڵسوکەوت لە گەڵ کێشە و گرفتە کانی ژنان لە دواترین قۆناغی رۆشنبیری دا بەسەر دەبات ، ئەمەش دەبێتە هۆی ماڵ وێرانی و دابرانی خێزانە کان لە یەکترین ئاوارە بوونی ژنانی لێدەکەوێتەوە، رێکخراوی ئاسودە بە مەبەستی هۆشیاری و چۆنیەتی روبەرو بوونەوە لەگەڵ ئەو کێشانە دەیەوێت ئاستی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی بەرز بکاتەوە و روداوی کۆشتنی ژنان لە نێو کۆمەڵگەکەمان دا کەم بکاتەوە، بەم مەبەستە بە پێویستمان زانی تا لە نزیکەوە لە چۆنیەتی کار و چالاکیەکانی ئەم رێکخراوە ئاگەداربین و ئەم دیمانەمان سازدا.



**رۆژی گەل:خانم رەحیم لەتیف دەکرێ خۆتمان پێ بناسێنی و کارەکانتان چیە لەم رێکخراوە؟**

***خ.ر:*** من خانم رەحیم لەتیف، خوێندکاری کۆلیژی یاسا لە قۆناغی یەک بەر پرسی رێکخراوی ئاسودەم، وەک چالاکێک لە بە بواری ژنان بۆ ماوەی دەساڵە کاردەکەم.

**رۆژی گەل: رێکخراوەکەتان لە چ ساڵێک دامەزراوەو لە لایەن چ لایەنێکەوە پشتگیری مادی دەکرێن بۆ پەرە پێدانی تونایەکانتان لە بواری ژنان دا؟**

***خ.ر:*** رێکخراوەکەمان لە ساڵی(٢٠٠٠)وە دامەزراوە بەڵام لە ساڵی (٢٠٠١) مۆڵەتی یاسایی لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی پێشو) ی ئەوکات، وەر گرت.

رێکخراوەکەی ئێمە رێکخراوێکی نا حکومی و بێ لایەنە لە لایەن حیزبیەوەو ئێمە لەلایەن چەن رێکخراوێکی خێرخوازی نێودەوڵەتی هاوکاری مادی دەکرێین.

**رۆژی گەل: ئیش وکاری رێکخراوەکەتان چیە؟**

***خ.ر-:*** رێکخراوی ئاسودە بەشیک لە رێکخراوەێکی مەدەنیە، بەڵام زیاتر ئێمە کارەکانمان لە بواری ژنانەوهەوڵە کانمان لە پێناو چارەسە ر کردنی کێشەو گرفتەکانی ژنانە وزیاتر ئێمە ئەو ژنانە دەپارێزین کە هەرەشەی کوشتنیان لەسەرە و ژیانیان دەکەوێتە مەترسیەوە، ئێمە هەوڵ دەدەین لە رێگەی وتو وێژ کێشە ی ئەو ژنانە چارەسەر بکەین، ئەگەر نەمان توانی لەو رێگاوە چاەرسەری بکەین چەن پارێزەرێکمان هەیە مەحکەمە و دەتوانین لەو رێگەوە چارەسەری کێشەکانیان بکەین، هەروەها بەشێکی ترمان هەیە بەناوی بەشی هۆشیار کردنەوە کە ئێمە لەم بەشەماندا ویستومانە لە رێگەی مەقالات و رۆژنامەکان ئاگەداری و هۆشیاری بگەێنینە ژنان بۆ ئەوەی کە مافی یاسایی و شەرعی و حقوقی نێو کۆمەلگەی هەیە تاکو لە مافە کانی خۆی داکۆکی بکات ، هەروەها لە رێگەی چەن ورک شۆپێکەوە ژنان ئاگەدار دەکەین تاکوو لە دەرئەنجامەکانی توند و تیژی وەک سوتاندن و خۆکوشتن ئاگەداریان بکەینکە ئەمانە تەنها رێگەی چارەسەری نیە بۆ کێشەکانیان و تەنها بەویستێکی بە پەلە کۆتایی بەژیانی خۆیان نەهێنن کە لەدوایی دا ببێتە هۆی پەشیمان بۆنیان، دوای بیر لەوە بکەنەوە کە رێگەی تر هەبووە بۆ چارەسەری ئەو کێشانە، ئەگەر ژنان هەندێک ئیرادەی ئەوەیان ببێت بە خۆیان و لەبەرانبەر کێشەکان بوەستن و بە وتو وێژ ئەو کیشەیە چارەسەر بکەن دەتوانن واز لە رێگەی خۆ سوتاندن و خۆ کوشتن بێنن.بەشێکی ترمان هەیە بەناوی( موبایل تیم)، کە ئەمە تیمێکی هۆشیار کردنەوەیە کە لە رێگەی موبایلەوە ئاگەداری ژنان دەکەین بۆ هەبونی ماف و حقوقی کۆمەڵایەتی لە نێو کۆمەڵگە، پرۆژەێکی ترمان هەیە کە توێژینەوە دەکەین لەسەر ئەو کێشانە کە دەبنە هۆی قوربانی بوونی ژنان و دواتر کار بۆ چۆنیەتی بەرەنگار بوونەوەیان دەکەین، وە لە رێگەی تەلەفزیۆنە کان خەڵک ئاگەدار دەکەینەوە.

هەروەها بەشیکی ترمان هەیە کە بەهێز کردنی توانایە کانی ژنانە، ئەوێش لە رێگەی کردنەوەی دەورات و خولی بەهێز کردن بۆیان، لە رێگەی رێکخراوەکان.

هەروەها چەن کتێبێکمان تەرجمە کردوە وەکو کتێبی (توندوتیژی خێزانی) کە بەشی توێژینەوەی رێکخراوەکەمان ئامادەی کردوەو لە نوسینی ئاوات محەمەدە، لە گەڵ کتێبی (بەشداری ژنان لە کردەی هەڵبژاردن دا) کە خۆم لە ساڵی ٢٠٠٤ وەرم گێراوەتەوە بۆ ژنان تاسودی لێوەر بگرن.

**رۆژی گەل: ئایا تا ئێستا توانیوتانە سود بگەێنن بە ژنان یان لە و کێشەی رۆحیە دەربازیان بکەن؟**

***خ.ر:*** بەڵی، بەراستی ژمارەی ئەو کەسانە کە ئێمە توانیو مانە لە کێشەی کوشتن یا خود گرفتی رۆحی کە بەهۆی هەرەشەی کوشتن هەیان بووە رزگاریان بکەین ئەوانە مەلموسن دەتوانن پێوەندیان پێوە بکەن بۆ دڵنیایتان. زیاتر لە ٤٥٠ ژنمان پارێزراوە لە دەست کوشتن کە هەرەشە ی کوشتنیان لەسەر بووە. لای ئێمە ژمارە گرنگ نیە بەڵکو ئەگەر لەساڵێکدا گیانی مرۆڤێک لە کوشتن بپارێزین ئەوە لای ئێمە گرنگە. ئەوانەی کە هاتونەتە لای ئێمە هەر هەمویان هەرەشەی کوشتنیان لەسەر بووە.

**رۆژی گەل: پەیوەندی نێوان ئێوەو جەمعیەتی سداقەی لوبنانی – کوردستانی چۆنەو ئەوان چۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

***خ.ر:*** بە هۆی ئەوەی کە ئەم کارەمان نەچوەتە قاڵبی یاساییەوە ناتوانم لەو بارەوە هیچ لێدوانێک بدەم، مەجموعەێک ناومان ناردوە و پێشنیارم کردون.

**رۆژی گەل: ئیوە چەندین سەفەرتان کردوە بۆ دەرەوەی وڵات چ سودێکتان بینیوە لەم سەفەرانەتانسەبارەت بە کاری رێکخراوەکەتان؟**

***خ.ر:*** دیارە سەفەرەکانی ئێمە بەمەبەستی بەشداری کردن لە کۆنفرانس یا ورک شۆپێک یان دەوراتێک بووە کە پاش گەرانەوەمان بۆ موجتەمەعەکەی خۆمان دەستکەوتەکانم تەقدیمی خەڵکی خۆمان کردوە، تەواوی کارمەندەکانی ئێمە بەشدار بوون لەم سەفەرانە بەڵام بەهۆی ئەوی کە دەعوەت نامەکان شەخسی بووە، من زۆرتر توانیو مە کەڵک وەر بگرم لەم سەفەرانم، زیاتر سەفەرەکانم بۆ بەریتانیا و ئەڵمانیا و باشووری ئەفریقا، سوید، لوبنان و عەمان بووە .

**رۆژی گەل: زیاتر کام یەک لە سەفەرەکانتان سودی بووە بۆژتان؟**

***خ.ر:*** زیاتر سەفەری باشووری ئەفریقا، بە هۆی ئەوەی کە من سەرۆکی ئەو وڵاتەم خۆش دەوێت بۆ ئەوەی کە زۆر کاریگەری هەبوە لە سەرم کە بە ئیرادەی خۆیان توانیو یانە ئازادی بەدەست بهێنن، هەروەها سەرۆکی ئەو وڵاتە رێکخراوێکی بۆ منداڵان دروست کردوە کە کاتێک چوم بۆ ئەو شوێنە بە داخەوە نەم توانی بی بینم. خۆشترین سەفەرم هەر باشووری ئەفریقا بووە چونکا بەشداری ژنان لە پرۆسەی سیاسی ئەو وڵاتە لە سەدا (٤٢)وە، بەڵام لەوڵاتی ئێمە ئەو رێژەیە لەسەدا(٢٥) ە.

**رۆژی گەل: چ پلانێک و بەرنامەتان هەیە بۆ داهاتوی رێکخراوەکەتان؟**

***خ.ر:*** هەر رێکخراوێک بۆ خۆی ستراتژێکی هەیە، ئێمەش ستراتژێکمان هەیە بۆ چۆنیەتی بەرێوە بردنی کار و چالاکیەکانمان، خالی گرنگ ئەوەیە کە ئێمە بزانی تاچ رادەێک پشتگیری مادی دەکرێین وە هەر وەها دەمانەوێ ئێمە دەستمان بگات گە زۆرترین ژن لە دورترین شوێنی جیهان.

***رۆژی گەل** : زۆر سپاس بۆ ئێوەخانم رەحیم لەتیف بەرپرسی رێکخراوی ئاسودە.*

***خ.ر:** سپاس بۆ ئێوەش.*

***سازدانی/موحسین عەبدوڵلا***

# خۆ بە گەورە زانی سەری شێریش بە با دەدا

رۆژێک لەرۆژان لەسەر زەمینێکی خۆش دارستانێکی سەر سەوز و ئاوەدانی لێ دەبێت. لە نێو ئەم دارستانە گیان لە بەرانێکی خوێن گەرم و بەدڵ و رەحم، ژیان بە سەردەبەن. دوای ماوەێک بەسەر بردنی ژیانێکی بێ دەنگ و فەنگ، لە پڕ لای مام رێوی فێڵ زان هەواڵێکی ناخۆشیان بۆ دەگات و دەڵێ؛ هەمووتان کۆ ببنەوە تاکو شتێکتان پێ بڵێم، ئەوێش ئەمەیە کە مام شێر دەڵێ؛ ئەگەر دەیانەوێ بە خۆشی بژین و ئاوارەیان نەکەم دەبێ هەر رۆژێک یەکێک لە وان ببنە خۆراکی من. .پاشان مام رێوی دەروات و دەڵێ من کاتژمێرێکی تر دەگەرێمەوە بۆ وڵام. گیان لەبەرەکان لە ناو خۆیان دەڵێن ئەگەر وانەکەین یان هەمومان دەخوات یان ئاوارەمان دەکات و ئێمەش شوێنێکی وا باش و سەر سەوزمان گیر ناکەوێت. هەمویان پەسەندی دەکەن. مام رێوی دەگەرێتەوە و دەڵێ چیتان کرد . دەڵێن ئێمە قەبوڵمان کرد . مام رێوی دەڵێ ئەبێ بۆ ئەم رۆ یەکێکتان حازر بن بۆ خواردن کێ دێت. بەناچاری بێچوو ئاسکەکە لەگەڵ خۆی.دەبات. دەگەنە لای مام شێر، مام شێردەڵێ، ئافەرین وادیارە رازی بوون، رێویش بە بزەێکی موخلێسانەوە دەڵێ بەڵێ گەورەم. دوای تێ پەر بوونی چەندین رۆژ، سەرەی کەروێشک دێت. خۆی دەروات بەرەولای مام شێر، لە نیوەی رێگاچاوی بە بیرێکی ئاو دەکەوێت، دەڵێ با تۆزێک لەو ئاوە بخۆمەوە تاکو زیندوم، دەچێتە لای بیری ئاوەکە و سەیری ناو بیرەکە دەکات رەسمەکەی خۆی دەبینێ. بەخۆی دەڵێ بە خواچاکە ئێستا تەکبیرێک بۆ مام شیر دەکەمەوە. دەروات بۆ لای مام شێر و دەڵێ قوربان ئەوە من هاتم بۆ چێشتی ئەم نیوەرۆی ئێوە بە لام دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم، مام شێریش دەڵێ؛ چێ دەڵێی بەمن، کەروێشک دەڵێ: وا لەرێگا توشی شیرێک هاتم کەدەی وت؛ من پاشای ئەم دارستانەم کەس بۆی نیە بێ ئەمری من بکات. مام شێریش ئەمەی لا قورس بوو وتی: دەزانی لەکوێە بمبە بۆ لای، کەروێشکیش کەوتە بەردەمیەوەو بردی بۆ لای بێری ئاوەکە وتی: قوربان ئەوەتا لێرە. شێریش چوەسەر بیری ئاوە کەو رەسمەکەی خۆی کە بینی وتی: تۆی پاشای ئەم دارستانەی؟ دەنگی خۆی بیستە وە، وەی زانی کە ئەو پرسیارێ لێ دەکات دەڵێ، بەڵێ، دیسان دەنگی خۆی دەبیسێتەوە پاشان دەڵێ ئێستا لەناوت دەبەم. دەپەرێتە ناو ئاوەکەو دوای چەن کاتژمێرێک لە ناو بیرەکە دەخنکێت. کەروێشکیش بە خۆشحاڵیەوە دەروات بۆدارستان و دەڵێ دۆستان رزگارتانم کرد بە خۆشی بژین.

**هێرش عەبدوڵا**

# وێنە دەدوێ



**راهێنەریک لەکاتی کێبرکێی تیپەکەیدا**